# کاکل بەدوای کاردا وێڵە

محەمەد فەریق حەسەن

ئەمرۆیش وەک دوێنێیە کاکل.. هەر ئەندازیارە وەستای خۆی و هەر وەستایە خەلفە و کرێکاری خۆی هەیە.. تۆ (کاکل) سەر بەکام وەستا و کامە ئەندازیاری؟! تۆ ئێستا نە دێهات نشینی تا بە خاوو خێزانەوە لە پاڵ پەڵە تووتن و تەماتەی خۆتا کەپرێک هەڵبەستن، شان و قۆڵ بکوتن و بەزەبری هێزی بازوو، ژیان و بژێوی لە زەویی ڕەق دەربێنن.. نە شارستانیشی خاوەنی پیشەیەک بی و بازنەی زێڕت لە دەست بێ..

ئەوا پیکابێک وەستا. دەستەیەک کرێکار چون ئاسک بازیان دایە پشتی و مەیدانەکەیان چۆڵ کرد.. تۆیش هەر چاوەڕوانی بەڵکو پۆشتەو پەرداخێک ڕووی کارێکت لێ بنێ.. هەر ئوتومبیلێک لەم ئاستەدا خاوی بکاتەوە چاوی لێ ناترووکێنی. گوێ سووک و لەش سووک ، ئامادەباشی و بەهیواوە بەرەوپیری دەچی.. ئارەقە و پەڵەی گەچ و چیمەنتۆ چەندین تابلۆی (ئەبسترەکت)یان لەسەر چۆغە و شەرواڵەکەت کێشاوە.. هاڕەی دەڕابەیەک پێت دەڵێ: " ئەمە دوا دووکانی بەرامبەر مەیدانەکەیە، بکرێتەوە، وا چێشتەنگاوە کاکل، ئیتر باوەڕ مەکە لێت بپرسنەوە و ئەمرۆت فت." لە ئاستی خۆتەوە بە شانی پیادەڕەوەکادا هەنگاوی کورت کورت دەنێیت. دڵت بەرایی نادا مەیدانەکە جێبێڵی. دوای ماوەیەک بەکزە هیوایەکەوە دەگەڕییەوە.. هێشتا زۆری دیکەی وەک تۆی لێماوە.. ئەوانیش نائومێدیی بە چارەیانەوە دیارە...

بە توورەکەیەکی بۆرەوە، کە جووتێک هێلکە و دوو نان و سەلکێک پیازی تێدایە، لە پشتەوە دەستەکانت تێکپەڕاندووە.. سینگی ڕەقت دەرپەڕیوە و ناوقەدت بە کۆنە پشتوێنێکی سەربازیی جەڕاندووە. بە تروسکە هیوایەکەوە چاوەڕوانی و لە ژێر لێوەوە خەجڵی دەردی دڵی:

" هۆ کەژ و کێوەکان هۆو، دەک بە خاوو خێزانەوە بەڵاگەردانی ئاوو دار و بەردتان بین، جاری جارانم بووایە ئێستا دوو ماکاوم تووتن ئاودابوو، تۆ بزانە لەم کاول بووەدا کەسێ دەناسم، ئەوێ بووایە، ئیستا ئەملام ئامۆزا، ئەولام خاڵۆزا، داخی داخانم، نە دەنگیان ما نە ڕەنگ، بوون بە نان و ئاوو قووت دران، یەکجار ئەوە کوڵەی کوتاوم کەسێکی وەها بەدی ناکەم دەردی دڵێکی لەلا بکەم، کارم نەبووایە دەمدایە ئەو کێوە بۆ ناو قەدەغەکەم، شەش حەوت دەستەکم دەبڕی و هەر لەوێ جێم دەهێشتن، کورە خۆم دەکرد بەو چەمەدا و تووڵم دەبڕی، نەخێر دەمدایە ئە کەژە، تا ئەم کاتانە تەنەکەیەک ترشم ڕنیبوو، هەر نا، دەچوومە یاریدەی هاوماڵێک، تا ئەویش کاتی پێویست بهاتایەتەوە یاریدەم..."

هۆڕنێک لەو زیندە خەوەی کردی.. کە هەنگاوت نایە سەر پیادەڕەوەکە، خاوەنەکەی ڕێک لەو ئاستەدا وەستاندی.. دەرگەکەی داخست و لێیدا ڕۆی.. هێشتا مەیدانەکە چل پەنجایەکی لێماوە. ئەوانیش لە جێی خۆیاندا ئەبڵەق بوون و ڕواون.

ئەمرۆش کارت دەست نەکەوت. بێهوودە ڕێ دەکەی. خۆت داوەتە دەست هەنگاوەکانت و نازانی بەرەو کوێت دەبەن.. نە کەس سڵاوت لێدەکات و نە سڵاویش لە کەس دەکەی.. دەڕۆی . بێ ئامانج دەڕۆی. نائومیدو بێ نەخشە و پلان دەڕۆی.. هەنگاوەکانت قورسن لە دووت نایەن.. شل و شێواو، لەش داهێزراو.. بەڵای ئەو حەشاماتەدا ڕەت دەبی.. شانت دەسوێ و لێشاوی مرۆڤ بەرەو ڕووت دێ و کەسێکیان لێ ناناسێ. ئای، کە قورسە مرۆڤ لە شارێکدا بژی و کەسی لێ نەناسێ!.. دەڕۆی و دەست بۆ پەرژینە ئاسنینەکان دەبەی. هەر دارتەلێ دەیگەیتێ دەستێکی پێدا دەهێنی.. بەڵام جێ دەست بەهیچ شوێنێکەوە جێناهێڵی. هەر وەک پێشتریش جێدەستت بە هیچ شوێنێکی ئەم شارەوە نەبووە.. وچان.. پەڕینەوەی شەقام.. ژاوەژاو.. هات و هاواری بەقاڵە چەقەچناوەکان.. هۆڕنی گڕ.. هی تیژ.. قیژەی منداڵی وردەواڵە فرۆش.. بەزەیی فرۆشتنی دەرۆزەکەران.. وەک حەپەساو و لە هەوران ڕابمێنی، لە زەلیل و پەککەوتە، لە ژن و کچۆڵان، لە بریسکەی زێڕی ناو شووشەبەند و بریق و باقی پێڵاوی ناو کۆگاکان ڕادەمێنی.

خەندەی سووکی ئافرەتی ڕوو بۆیاخ کراو.. دزەی چاوی بز، بۆ ژێر تەنوورە و نێوان مەمکی قوت.. بێ ئامانج دەڕۆی.. بەرەو ئایندەیەکی نادیار هەنگاوی لەرزۆک هەڵدەگری.. لەوێ هەر بێکاریش بوویتایە، لە سەر بەردەنوێژەکانی مزگەوت، لەگەڵ پیرەمێردێکی بێکاری ناودێ بە دامەوە خەریک دەبووی.. تافە تافی ئاوی مزگەوت.. سێبەری سوورەچنار و بناوو دارتوو.. پۆلە مراویی ڕیز بەستووی گوێ جۆگەکان.. بانگ هەڵدانی کەڵەشێری غوباب.. قسەی خۆشی پیرەمێردی لە دێ بەجێماو، دڵی دەکردیتەوە.. بەدەم ڕۆیشتنەوە بیردەکەیەوە"

ئەویان زەڕەنگەرە، ئەمیان پێڵاو فرۆش، ئەوی دیکەیان شوفێر، کرێکار، وەستا، هی گەچ، هی دیوار، هی کاشی، من هیچ کامیان نیم تەنانەت دەرۆزەکەریش نیم..."

چاوەکانت کۆتر ئاسا بە دوا نهۆمی ئاپارتمانێکەوە دەنیشنەوە.. بە پەنجەرەکانیدا دێیتەوە خوار.. دیواری بە شین نەترکراو، پەنجەرەی کراوە و پانکەی بین گرتوو.. پەنجەرەی داخراو و پەردەی دادراوە، دارکاژی پاراو. پەرژینی ئاسنینی بە بۆیەی زیوی بۆیە کراو.. دروشمی ڕەنگاو ڕەنگی قەد دیوار.. لە زەمینەوە، وەک دەنکە تەزبیح ، پیاو و مێردمنداڵ، بن دیوار و بن دیوار.. لە لایەکی دیکەوە ئافرەتی سەر بەعەبا وەک قەتارە مێرووڵە ڕیز بوون. ئارەقە بە لاجانگ و نێو چاوان و چەناگەی ئەو خەڵکە ڕێز گرتووەدا ڕێچکەی بەستووە.. دەڵێی ژن و پیاوی شار بە گرد و بانەوە لێرەن.. هەیانە بەترێکی شەو دەمێنێ ئەو لێرە ڕیزی گرتووە.. لەپڕێکا هات بە بیرتا و لە کۆتایی ڕیزەکەوە گیرسایتەوە.

ـ تۆێش دەفتەرت هەیە خاڵۆ؟!

هەرزەکارێکی پانتۆڵ لە پێی ڕیز گرتووبوو، پرسیارەکەی بزمارێکی دریژ بوو چەقییە کاسەی سەرت و مێشکت درنگەی لێوە هات.. بەلا لووتەوە وەڵامت دایەوە:

ـ هەڵبەتە هەمە!

زەردەخەنەیەکی بە تەوس لێوەکانی هەرزەکارەکەی ڕەنگاند و لەبەر خۆیەوە وتی:

ـ بەشەرەفم (لاولاو) نییە دەفتەری نەبێ!

بەم تیزپێکردنەی دەروونی چیخ کردی. لەوەدابوو بە ڕوویدا بتەقیتەوە، بەڵام نەتبردە سەر خۆت.. ئەوەندە هەبوو کارەساتەکەی بەیانییە بەهارییەکەی وەبیر هێنایتەوە:

دووکەڵ لە دێکەی دراوسێتانەوە بە تاقی ئاسماندا چوو. کوڕگەل خۆیان کۆکردەوە و دوای پسکە پسک و لە یەکتر ڕامان ئەو ناوەیان چۆڵ کرد.. دەستت لە خۆت بەردا.. کەوتیتە دووڕیانێکەوە. یان ئەوەتا سەڵتە زەلام شوێنیان بکەویت و ماڵ و منداڵ بەجێ بێڵی. یان لە گەڵ ژن و منداڵەکانتا ڕێگەی شار بگرنەبەر.. گوندت بەجێهێشت و لەتەک مناڵەکانتا لە کاوێکدا خۆتان شاردەوە.. لەوێوە چاوت لێبوو یەکەم جار دووکەڵ لە ماڵی خوا هەڵسا.. ئاسمان خۆڵەمێشی هەڵگەڕا ئەمجا تەڵخ بوو.. لە بنەبانەوە ئاوریان لە دوا ماڵی دێ بەردا.. زاق و زریق و حەچ و لوور دەگەیشتە لات.. هەبوون لە دێ هەڵدەهاتن و هەبوون دەمانەوە.. لەسەر شڕە و شاتاڵەکەت بووە فڕکان فڕکان.. سەریان بە هەموو کۆڵانەکاندا کرد و تەنیا سەگ و پشیلەیان نەبرد.. بە جارێ نەترەت بەردا. چەندت بیر کردەوە، سەری گوریست بۆ نەگەیشتەوە یەک. قورگت پری گریان بوو، شەرمت بەخۆت بوو دەنا دەتدرکاند و لە براڕۆت دەدا.. مردنی خۆت لەخەیاڵ بوو، ئەوەت لەخەیاڵا نەبوو ڕووبدات.

ئەو شەوە بە لاڕێدا هاتن و لەم شارە گیرسانەوە.. کاتێ بەلای گوندە تالان کراوەکەتدا ڕەت بوون، دووکەڵ لووتی دەچووزانەوە. گڕ، دارستانی شمشێر بوون لە زگی ئاسمان ڕۆدەچوون.. نێڵە نێڵی ئاگر و حەچ و لووری سەگەلی بەجێماو نەبێ هیچی دیکەتان نە بینی، هیچی دیکەتان نەبیست. لە بەر چاوت دیمەنەکە کاڵ دەبێتەوە و لەبەر خۆتەوە دەدوێ:

" لە ڕیشە کەنیاین، ئەگەر تفەنگت لە دەست دەرچوو پیاوێکت کوشت، لە تۆڵەیدا ژن یان زێڕ دەدەی، ئەدی ئەگەر زەوییەکەت لە دەست چوو، چی لە تۆڵەیدا دەدەی، ئاخ نازانم ئەوانە چۆن دڵیان دێنێ زەوی بفرۆشن، چۆن دەستیان گۆ دەکات نرخەکەی وەربگرن.."

ئاوڕ دەدەیەوە. لە دواتەوە دەیانی دیکە ڕیزبوون.. ڕیز بە سستی بەرەوپێشەوە دەجووڵێ، دەنگێکی تووڕە و پیش خواردوو بەرزدەبێتەوە:

ـ نۆبە بڕیمان لێ مەکەن. لە بەیانی زووەوە لەبەر ئەم سووری هەتاوە ڕاوەستاوین!

ـ ئەی بێ غیرەت.. بزانە چۆن خۆی خزاندە بن دەستی کاشیارەکەوە؟.. پیاو دابڕزێ لەوە باشترە پۆلیس پاڵی پێوە بنێ!

ڕیزی ژنان تەریب لە تەک پیاواندا، بەڵام ئەوان وەک پۆلە چۆلەکەی دەمەو ئێوارەی لیس لە پەڵە چنار بەستوو، جریوەیان دێ و هەموو لەیەک کاتدا قسان دەکەن.. دووان لە قۆڵی عەباکانیانەوە دەستیان دەرهێناوە.. ئەوەی پێشەوەیان عەبایەکەی لەسەر کەوتە خوارەوە.. پرچ زەردێکە دەنگی دەگاتە لات:

ـ ئەیەڕۆ خۆ قژی ڕنیمەوە!

ئافرەتەکەی دواوە ئەوق بووە.. لەمبەرەوە، لە ڕیزی پیاوانەوە سمێڵ ڕەشێک، بە گاڵتەجاڕییەکی تێکەڵ توندبوون و بێ ئۆقرەییەوە پلاری خۆی دەهاوێ:

ـ دەڵێی شەوی یەکەمێتی دەقریشکێنێ!

پرچ زەردەکەیش بە چاوی زەق و دەمی داپچڕاوی کەف چەندووەوە، لە گەفین ناکەوێ. پەنجە ڕادەوەشێنێ و هەڵدەبڵۆقێتەوە.. لە شێوەیدا چی ژنێتی بێ نەماوە.. ئارەقە بە ڕوومەتی چرچ و نێوان مەمکیاندا، کە لەباڵۆنی بەتاڵ دەچن دادەخزێ.. ژنێک دەیەوێ لە بەردەم یەکێکی ڕیز گرتووەوە تێهەڵکێش بێ، ئەویش ئاوها بەرەنگاری دەبێ:

ـ هەی بێ شەرم و شکۆ، دیارە تاکو ئێستا لە باوەشی مێردەکەتا بووی!.. ئاخر تاریک و ڕوون بووە جووتێ منداڵی سەروپێچکەم بەسەر دراوسێدا جیهێشتووە!

لچ و لێوت ڕەش داگیرساون. زارت وشک. خەیاڵت بۆ کانییەکی نسرمی بن چیاخزاوت دەبا.. کانیلە دڵۆپ دڵۆپن دەپیاڵێوێ.. دڵۆپەکان دەبنە جۆگەلەی باریک باریک و بە دیواری ئەشکەوتەکەدا دێنە خوار.. خاوێن و باوێن.. سارد سارد.. لە تنۆکە خوناوی بەری بەیان دەچن، کاتێ گزنگ لێیان دەدات و شەبەنگی خۆریان تێدا هەڵدەبێ.. پێ ماندووەکانت ختووکەیان دێ و مێرووله دەکەن.. ماسولکەکانت تورت دەبن.. موچڕکە و تەزووت پێدا دێ.. مست دەدەیتە بەری.. ڕووت فێنک دەکەیەوە، چەند مستێ دەخۆیتەوە.. هەست بە حەسانەوە دەکەی.. گیا قەیتەرانی پەلک سەوزی کاڵ، لاسک ڕەش، بە چنگە کرێ خۆیان بە ئەشکەوتەکەوە هەڵواسیوە.. سروە بایەک هەڵدەکاتە ئەشکەوتەکە و مووەکانت زیت دەبنەوە. حەزدەکەی لە جێی خۆت نەجووڵێی.

ـ بجووڵێ خاڵۆ، لەچی ڕاماوی؟!

ئەم فەرمانە ناهەمواره لەخەیاڵی دایت. ڕۆح و هەستی هێنایەوە لای جەستەت و هەنگاوێک بەرەو پێشەوە جووڵای.. تینوێتی سەغڵەتی کردووی.. ئاور دەدەیتەوە. ڕیزی نارێکی پیاوان بۆ کۆڵانی پشت دائیرەکە پێچی کردۆتەوە.. چاودێرەکە لەوسەری ڕیزەکەوە دەفتەر دەپشکنێ و لە بیچمی خاوەنەکانی ورد دەبێتەوە.. وا دەفتەری لە هەرزەکاریک سەند و لە ڕیزەکەی دەرهێنا و قاوی دا.. خەمت لێ نیشتووە: " ئەی منی بێ دەفتەر چۆن وەڵامی بدەمەوە، دەترسم لەناو ئەم حەشاماتەدا بمشکێنێ" ئەمەت لەبەر خۆتەوە وت و بێ ئەوەی ئاگات لە خۆت بێ، پەنجەکانت بۆ ڕدێن و سمێڵ و سەرو جامەدانییەکەت دەبەی. نەرمە کۆکەش بەرت نادا.. وا چاودێرەکە کشایەوە و ڕووەو  ڕیزی ژنان ملی نا.

ئەفەندییەکی کەتە لە قەمەرەیەکی قەشەنگ دابەزی و گەیشتە بەر کونەکە.. دەفتەریان لێ وەرگرت.. جم و جووڵ کەوتە ڕیزی پیاوان:

ـ دیارە ئێمە بەپیاو نازانێ.. ئەگەر ئێستا دەچی دوو شاپی مزر لە پاشەڵی دەدەی، دەڵێن کابرا توندە تەبیعەت و شەڕەنگێزە!

یەکێکی دیکە بۆی سەندەوە:

ـ خۆشی بە خوێندەوار دەزانێ.. تف داوەشێی مام پیاو!

ئەفەندییە کەتەکە پسووڵەی وەرگرت. خۆی لەو هەموو نەفرەتە نەبان کرد و بە نایلۆنێک سوورە گۆشتەوە خۆی تەپاندە ناو قەمەرەکەی.

ـ دەک بە زەهری مارت بێ!

ـ وەی بەدەمی بابتا ڕیم!

ئەم جمێنەی دواییان لە ئافرەتێکی سەر بە عەباوە بوو.. جەستەت لێرە جێهێشت و دیسان بیر و هۆشت گەڕانەوە دواوە...

بە گردەکەدا هەڵگەڕای.. شەش حەوت شتی ورد سەرنجیان ڕاکێشای.. دانەویتەوە و تاووتووت کردن:" ئەم پشقلانە سەوزن، کەواتە هی ئەمشەون".. هەڵسایتەوە.. بەپارێزەو هەستت ڕاگرت.. بەزانایی پێت دادەنا و جێت بۆ هەنگاوەکانت دەکردەوە.. ڕۆیشتی.. ڕۆیشتی، هەر ڕۆیشتی.. چاوت بۆ ژێر بنچک و ناو دەوەنەکان دەگێڕا.. جووتێک چاوی زەق و گوێی قوت هاتنە بەر نیگات.. چەناگەی نابووە سەر دەستە کورتەکانی لە لانەکەیدا قنچکەی کردبوو.. چاوت نا بە سێرەی تفەنگەکەوە و هەناسەت وەستاند.. ناڵەی تفەنگ، دەرپەڕین گورزەیەک گڕ، بەرزبوونەوەی تەنکە دووکەڵێک لە لوولەکەیەوە، بۆنی باروت، دەنگدانەوەی باسکە قووچەکان و لەرز لێهاتنی کەروێشکێکی پێکراو هەناسەیەکی خایاند..کاتێ گەیشتیتە سەری، مێزی بەخۆیدا کردبوو.. چەقۆکەت لە باخەڵت دەرهێنا.

ـ هەر وەکو دوێنێ ڕوویدابێ وەهایە!

ئەم ڕستەیەت بەدەنگی بەرز وت.. هەرزەکارەکەی پێشت، ئاوڕی لێ دایەوە.. چاوێکی گوماناویی پێدا گێڕایت و وتی:
ـ لەگەڵ منت بوو؟!
ـ نانا، لەگەڵ تۆم نەبوو.. ئەوە بیرم لە گۆشت دەکردەوە!
دەمی چەقۆکەت نووشتاندەوە و ناتەوە گیرفانی شەرواڵەکەت. کەمێک جووڵایت. نیگات بۆ پێشەوە نارد.. دیت هەر یەکەو دەفتەرێکیان بە دەستەوەیە.
ـ گۆشتی سوورە کەروێشک لەکوێ و هی گا لەکوێ؟!
ئەم ڕستەیەشت هەر بە دەنگی بەرز دەرپەڕاند. هەرزەکارەکەی پێشەوە دیسان ئاوڕێکی بە گومانی لێ دایەوە. ئەوەی دواشتەوە، گوێ مووچ کردبوو.. ڕەنگە بە کەم هۆشت بزانن کاکل...
تا چاو هەتەر بکات ڕیزە چڕە تێک ترنجاوەکە درێژە و بۆتە پەرژینی نەم دائیرەیە.. وا ئەفەندییەک دەرکەوت. کراسێکی سپیی بێگەرد لە بەردا.. لە گیرفانەکەیەوە چاویلکەیەکی ڕەشی خۆرەتاو، کلکێکی دەرهاتووە.. دەفتەرەکەی وا بە دەستە ڕاستییەوە. بە دەستی چەپییەوە تەزبیحێکی کارەبای زەرد لە مستیلەی زێڕی پەنجەی ئاڵاوە.. یەکسەر بۆ لای کاشیارەکە مل دەنێ. سەری بەکونەکەوە نا.
ـ ئەم نایلۆنە تا ئێستا لەکوێ بووە؟!
ـ دەریکەن. قاویدەن!
دەنگی توندی بۆ شەڕ لەسەر چز بەرەنگاری بوونەوە.. دوای تاوێک سەری لە کونەکە دەرهێنا و لۆژ لۆژ بەپاڵ ڕیزەکەدا هات.. هەر هات. بە پەنجە ئەستوورەکانی یاری بە تەزبیحە کارەباکەی دەکات.. چەند هەنگاوێکی ماوە بگاتە لات.. تۆیش نەختێک لە ڕیزەکە هاتوویتە دەر.. وا ڕیک گەیشتە بەردەمت.. بۆنێکی خۆش دەماخی چاخ کردی. لە نەناسی بانگی دەکەی:
ـ مەڕۆ برادەر!
سڵەمییەوە و بە دوو دڵییەوە پرسی:
ـ لەگەڵ منت بوو؟!
ـ بەڵی، لەگەڵ تۆم بوو، دەڵێم: بۆ نایەیتە جێگەکەم؟!
ـ ها.. ئەی تۆ؟!
ـ واز لەمن بێنە.. دوو دینارم بدەرێ و لە جێگەکەم بوەستە.. سەیرکە، تەنیا شەش حەوت کەسم لە پێشەوەیە.!
سەیرێکی ڕیزەکەی کرد، ئەمجا چاوی بڕییە کاکل و وتی:
ـ دینارێک چۆنە؟
ـ کەمە!
ـ دەباشە دینار و نیوێک.
دەستت پان کردەوە. ئەفەندییە بۆن خۆشەکە دوو پارچە پارەی ئاسن دەنێتە قولی مستت.. گوێت لە زرنگەیانە، لە بنکی گیرفانی شەرواڵەکەتدا بە یەکیاندا داو جێگیربوون.. زەردەخەنەیەکی تاڵ چون ژەهری مار لەسەر لێوە وشکەکانت نیشتەوە.
ـ وەڵڵا هەر ئەم بەزمەمان کەم بوو.. ڕیز گرتن بەپارە!!
ـ پیشەیەکی نوێیە کوڕینە!
دەنگی نارەزایی لە ڕیزی پیاوانەوە بەرزدەبێتەوە.. تۆش کاکل، کفت و کەشەنگ و تینوو.. سەرت لەبەر خۆت ناوە، توورەکەیەک بە دەستەوە، لەو دەور و ناوە دوور دەکەویتەوە. نازانی هەنگاوەکان بەرەو کوێت دەبەن.
سلێمانی،20.09.1990
لاولاو: زاراوەیەکە، کەسانی نەفام بەتایبەت لە شاری سلێمانی؛ لە هەشتاکان و نەوەدەکاندا بۆ تەڵفیسی بەکاریان دەهێناو مەبەستیان پێ لادێیی بوو.
* ئەم چیرۆکە، کاتی خۆی لەلایەن ڕێزدار(ب. ژیلوان)ەوە کراوە بە فارسی.